**کۆنفرانسی بە قانوونی ناساندنی**
**ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا**
لەندەن، 16 مارتی 2008
**دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە**

---

# کۆنفرانسی

## بە قانوونی ناساندنی

## ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا

**کۆنفرانسەکە**: کۆنفرانسێک لە 16 مارتی 2008 دا، لە یادی 20 ساڵەی هەڵەبجەدا، لە لەندەن دەبەسترێت، کە تێیدا کۆمەڵێک کەسایەتی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری جەنەساید و ئەتنۆساید (پاکتاوی ڕەگەزی و ئەتنیکی)، قانوون و پەیوەندی نێودەوڵەتی بەشداری تێدا دەکەن.

**ئامانجی کۆنفرانسەکە**: کۆنفرانسەکە دەستپێک دەبێ بۆ ناساندنی قانوونی ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا.

**تەوەرەکانی کۆنفراسەکە**: تەوەرەکانی کۆنفرانسەکە لە سێ بواردا کۆدەکرێنەوە:

- چۆنیەتی دەرس وەرگرتن لە ئەزمونی ئەو گەلانەی کە جەنەسایدیان لەدژ ئەنجامدراوە. ئایا لە کام لایەنەی ئەزموونی ئەم گەلانە لە بە قانوون ناساندنی جەنەسایدی نەتەوەی کورددا کەڵکیان لێوەردەگیرێ؟ بە قانوونی ناساندنی جەنەسایدی نەتەوەی کورد بڕیارێک دەبێ لەلایەن دەستگایەکەوە، کە دەکرێ بڕیاری دادگایەکی دەوڵەتی یان نێودەوڵەتی بێ؛ بڕیاری پەرلەمانی وڵاتانێکی دیموکرات بێ وەک پەرلەمانی بەریتانیا و سەنەتی ئەمەریکی؛ بڕیاری دەستگایەکی نێودوەڵەتی بێ وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا.

- دەستنیشانکردنی ئەو قانوونە نیشتمانی و نێودەوڵەتیانەی کە سوودیان لێوەردەگیرێ بۆ ناساندنێکی قانوونی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دژی نەتەوەی کورد وەک جەنەساید.

- ئەو بەڵگانە کامانەن کە گەلی کورد پێویستیەتی بۆ ئەوەی جەنەسایدی کورد لەو دەستگایانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا بە جەنەساید بڕیاری لەسەر بدرێ. ئەم بوارە جەخت لەسەر چۆنیەتی دیاریکردن و ناساندنی هەموو ئەو بەڵگانە دەکا، کە دەکرێ لە دەستگاکاندا بە بەڵگەی قانوونی بژمێردرێن و سوودیان لێوەربگیرێ.

**پلانی داهاتوو**: کۆنفرانسەکە هەنگاوی یەکەم دەبێ بۆ داڕشتنی پلانێکی تۆکمەی درێژخایەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجەکانەی کە داڕێژراون.

**ڕێکخراوەکە**: ***دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە*** کۆنفرانسەکەی ڕێکخستووە. ئەم دەستەیە سەر بە هیچ ڕێکخراوێکی تر نیە و سەربەخۆ کاردەکا. لە کەسانێکی کارمەند پێکهاتووە کە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا شارەزان و بۆ ئامانجە دیاریکراوەکانی ڕێکخراوەکە لە کاردان.

**کۆنفرانسی بە قانوونی ناساندنی**

**ئەنفال و هەڵەبجە وەک جەنەساید لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا**

**لەندەن، 16 مارتی 2008**

**دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە**

---

- تکایە بۆ زانیاری زیاتر و هەر جۆرە پرسیارێک دەربارەی کۆنفرانس پەیوەندی بکەن بەم ئیمێڵ و ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:


ئیمێڵ: anfalwg@googlemail.com

ژمارەی تەلەفۆن– نۆرماڵ 00442085637918 عەدنان شاسوار

– مۆبایل 00447761728041 د. ڕێبوار فەتاح

– مۆبایل 00447709435998 عەدنان کۆچەر


**دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە**

**لەندەن – جەنیوەری 2008**